# أسماء الله وأفعاله الحسنى (٣)

بەردەوامین لە خزمەتتان إن شاءالله لەو دەرسە لەدەرسەکانی ئەسماء و ئەفعالی خوای (جل جلالە )، لە لیقائی پێشترێ لە خزمەتتان بەحثی مەجموعە قەواعیدمان کرد حەفت قاعیدە بوون وفقی ئەو قاعیدانە تەعامول لەگەر ئیسم و فیعلی باری تەعالا دەکەین، ئەو قەواعیدانەی گوتمان أهل السنة والجماعة بە ئیعتباریان قاعیدەی ئەساسین وە موتەفەقون عەلیهیینە بە تەرتیبی فەهمی ئەو قاعیدانە فەهمی ئیسم و یاخود أسماء و أفعالی خوای دەکرێ ئەوە وفقی ئائەو فەهمە ئینسان ئیسیتعابی حالەتەکە دەکا و محاوەلەش دەکا تەحویلی کا لە داخیل لە بۆ خاریج.

ئەورۆ لە خزمەتتان بەحثی ئەوەی دەکەین کە:

* ئایا أسماء الله کو تەعاملی لەگە دەکرێ؟

* دووەم ئەو (أسماء الله)یەکە وەرنەگیرێ تەعامولی لەگە دەکرێ بە چ حەجمەك بە چ میقدارەك هەضم دەکرێ و ئیستیعاب دەکرێ؟ بە چ کەیفیەتەکی ئیستعاب تەحویل دەکرێ ئەو ئیستیعابە لە بۆ واقیع؟ وەکێ حەقی ئەو شتانەشی هەیە؟

ئایا بەشەر لە بۆی هەیە فیعلەن قەواعیدو ئوسوسی أسماءالله و أفعالە دابنێ وە تەقییمی بکا؟ وە موقابلیش ئیلزام بکا بەو حالەتەیە یاخود بەس رب العالمین ئەو حەقەی هەیە؟ وە صیغەی ئیستیعاب و هەضمی ئەو حەقەش هەر رب العالمین خەریطەی لەبۆ دادەنێ و لە بۆوەی ئینسانی مؤمن تەعاملی پێ بکا.

لە خزمەتتان لە دەرسەکانی سابقیش صیغەی دروستکردنی ئیمان بەحثی ئەوەمان کرد بە تەفصیلی، ئەصڵەن ئینسان ئینسانی نموذەجی ئینسانی نەوعی کە شەیاطینی ئینس و جن ئیشیان لەسەر نەکردبی ئەصڵەن داخیلی بە فیطرەی وفقی ئیرادەی خوای دروست کرایە، وە ئەو فیطرەیەشە ووتمان ئەرضییە و زەمینەیە ئەنبیاء و ڕوسول دێن ئیشی لە سەر دەکەن، ئەثەری شەیاطینی ئینس و جن لەسەری ئیزاحە دەکەن، کە تیلاوەیان کرد لە بۆ ئایاتی خوا ذاتی مەقصود دەست دەکا بە قیرائە، فیطرەی لە مەراحیلی ئەدنا ڕەفع دەبێ لە بۆ مەراحیلی بەرز دەبێتە فوئاد و دەبێتە لوب و هەتا دەگاتە مستەوای قەلب، وە گوتمان رب العالمین بە مەفهومی تەعلیم (وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا)(البقرة ٣١) فیطرەی بەنی ئادەمیشی تەعلیم دایە، تەعلیمەکە بەس لە بۆ ئادەم نییە فەقەط ئینەما وفقی ئائەو فیطرە نەوعیە بەنی ئادەمەکانیش تەعلیم کراینە ئەصڵەن، وە ئائەو تەعلیمەیە کە هات ذاتەکە قیرائەی کرد مەعانی (مُعَلَّم في فيطرته) دەست دەکا بە ئیبراز و خروج.

نەبیەکە یاخود ڕەسولەکە جیهازی موتەحەکیم پێ ی کیتابەکەیە یا صوحوفەکەیە، لە خارج ذاتەکەی ذاتی مەقصودیش لەداخیل فیطرەیە فیطرەی پێ یە، ئەو وەختەی کە نەبی تیلاوەت دەکا ذاتەکەش قیرائە دەکا فیطرە دەست دەکا بە ئیشکردن، تەطابوقەکی نەوعی بەینی کیتابی خارج کە مەتلوە نەبیەکەیە یاخود ڕەسولەکە دەیکا لەگەر کیتابی کە مەعنەن لە ناو داخیلی ئینسانەکەی مەخلوقە تەطابوق دروست دەکا.

بە تەفصیل ئەوانەمان بەحث کردییە، ئەصلی ئەو قەضیەیە کە گوتمان ئیمانە، باری تەعالا خۆی موتەحەکیمە بەو ئیمانە بە چۆنیەتی دروست کردنی ئەو ئیمانە، وە خۆشی کو خۆی تەعریف دەکا لە بۆ ئەو

ذاتە، ئەوجا ئایا ئینسانە یان مەراطیبیتکەی ذاتە لە ناس و لە بەشەر و لەبەنی ئادەم؟ ئیذەن رب العالمین خۆی خالقی خەریطەشە، وە لە ضمنی خەریطەکەی کە داینایە جل جلالە موطابیقە صیغەی تەحویلی ئەو خەریطەیە لە بۆ واقیع وفقی داخیلی ئینسانەکەی کە فیطرەکەی تێدا ئەصڵەن مەخلوقە، یەعنی خودا جل جلالە دەیەوێ أسماء و أفعالی تەعریف بکرێ لەلای ئەو ذاتەی، عیلمەن تەعلیم کرایە ئەصڵەن لە داخیلی، ذاتەکەش جیهازەکەی پێیە و ئەو قیرائە و تیلاوەیەی لە بۆ دەکرێ لە ناو داخیل مەعانی مەفاهیمی أسماء الله و أفعالە لە ناو داخیلی مەوجودە، خوا دیسان خەریطەکەی لە بۆ دادەنێ کێهان ئیسم یاخود کێهان فیعل ببتە مفتاح لە بۆ دروست کردنی عیلاقە، وە لە بۆ دروست کردنی صیغەی عیلاقە بەینی ئەو ذاتە مەقصودە لەگە رب العالمین جل جلالە خودا جل جلالە ئەو خەریطەیە دادەنێ وە ئەویش ئەو حەقەی هەیە، چونکی خۆی ساحێبی أسماء و أفعالەکانە، لە عەینی وەقتیش خۆی خالیقی جیهازی داخیلی ئینسانە.

* وەخۆشی نوقطەی سێیەم:

خۆی تەعلیمی کردییە ئەو جیهازە بەو نەوعە خەریطەك فەوقی موطابیقە لەگەر خەریطەی داخیلی، کە نەبییەکە هاتییە سویجەکەی لێدەدا کابرای مەقصود ذاتی مەقصود کە دەست دەکا بە قیرائە کردن خەریطەی داخیلی کە تەطابوقە لەگەر خەریطەی خارجی ئەو وەختی علاقەی عەمودی دروست دەبی لەگەر ذاتی رب العالمین، وەبەس بەو طەریقەیەش ئەو عیلاقەیە نەوعیە دروست دەبی، ماتەبەقا بەڵێ عیلاقە دروست دەبی ئەمما عیلاقەکە بەو نەوعە صەمیمیەت و نەوعییەتە نییە کە خوا لەو ذەواتانەی ویستیە، لۆیێ ئەصڵی عیلاقە لە بەینی ئینسان کە مەخلوقە لەگە ذاتی رب العالمین بە ماهییەتی خەلق وخالیق دەست پێ دەکا، لۆوەی ذاتەکە ئەصڵەن خۆی تەعریفی خۆی ذاتی خۆی موعایەرە بکا مەقام مەقامی چییە لەو وجودەی، پاشان بەو چاوەش تەماشای موقابیل بکا کە هەموو مەوجودات ماعەدای رب العالمین هەمووی مەخلوقن، ئەو وەختی وفقی مەخلوقییەتی ئەو مەخلوقاتانە عیلاقە لەگە خالق دروست دەکا، کە مەخلوقات قیرائەی مەخلوقاتی کرد خالقی لە بۆ کەشف بوو ئەوجا جوزئەك لە صیفاتی رب لە ناو داخیلی دەست دەکا بە ئیش کردن، روح تێدا هاتووچوکردن ئیحیا بوونەوەی داخیل.

ئەمما ئەگەر هاتوو خارجی ئەو خەریطەیە، دەرچوون لەو خەریطەیە ئەو وەختی ڕۆیەی مەوضوعییە ڕۆیەی ئەکادیمییە لە بۆ أسماء و أفعالی خوای (جل جلالە )، لەبەر ئەوەی موطابیق نییە لەگەر خەریطەی داخیلی ئینسانەکە، ئینسانەکە لە مەعانی کەلیماتی ئەو أسماء و أفعالانە دەسورێ ناتانی تەخەللوقی پێ بکا، ئەگەر جوهدی زۆریش صەرف بکا تەخەلوقی پێ کرد ئەو وەختی تەخەللوقەکەش جوزئییە.

لۆیێ هەر ئەگەر لەسەر ذەواتی خۆمان ئەمثیلە بینین کیهانمان نازانین خوا عەلیمە، ئەمما فیعلەن کە گوناهەك بێ ئەمریەك یاخود تەقصیرەك لە ئەداء کەشف دەبی لێمان عەلیمی خوای کە مەعانی لە مێشکمان مەوجودە دەبتە پەرژین صەددەك لۆوەی ئائەو تەقصیرە یاخود ئائەو ئیثمەمان پێ نەکا؟ لە جواب دەرێین نەخێر، لۆیێ لۆ ئەو حالەتە دروست بووە؟ ئەو حەدیثەمان لەبەرە (إِنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْماً مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ)(رواەالترمذی) دەست پێ دەکا لە الله و رحمن و رحیم و... الخ، ئەوە ڕۆیەی مەوضوعییە لە بۆ

أسماء الله وأفعاله، كو بيلا تەشبيهـ ئەو جيهازه لە جوملەك شت پێك هاتييە يەك جوملە شت لەناو وەى هەيە مەعمەل كە دروستى دەكا موهەنديس تەعامول لەگەر شتەكان دەكا وفقى ماددييەتى شتەكەى، شكلى لە بۆ دادەنێ، تەصويرى دەكا، مەوادى ئەوەلى لە بۆ تەعين دەكا، خەريطەى لە بۆ دادەنێ، ئەو مادده ئەوەلييە وفقى ئەو خەريطە تەحويل بكرێ لە بۆ ئينتاج، ئەمما كە ئەو تەعامولەى دەكا تەعامولەكى جوزئييە عيلاقەى بەو شەخصە نييە كە ديكۆرى جيهازەكە دروست دەكا، عيلاقەى پێدانيە، ئەو لە دائيرەى خۆى لە جيهەى خۆى ئيش دەكا، كابراى ساحێب ديكۆر تەصوير لە جيهەى خۆى ئيش دەكا، ئەويتكە لە جيهەى خۆى ئيش دەكا، يەكەكيتكە هەندەسى ئەوانە هەمووى جەمع دەكا، شوشەكەى جەمع دەكا لەسەر دادەنێ، پارچەكانى دكە لەسەر ئيضافە دەكا، ئەوە ڕۆيەى ئيشى موهەنديس ئەگەر بێين موقايەسە بكەين ڕۆيەى موضوعييە ڕۆيەى فيعلى نييە ئەوە، موهەنديسەكە هەموو ئيشەكان ناكا جوزئەك لەو ئيشە دەكا تەصەوڕيشە بەجێى دێلى، تەحويلى لە بۆ واقيعيش ذاتەكى تكە پێى هەڵدەستى، ئەمەش كە لەگەر أسماء و أفعالى خوداى جل جلالە تەعامول دەكەين تەعامولەكەمان تەصەوڕييە وە مەوضوعييشە، نەمانزانيە بە چ فيعلەك ياخود بە چ ئيسمەك لەگەر رب العالمين عيلاقە دروست كەين.

بەصيرى خواى جل جلالە هەموومان عاريفين پێى، مەعريفەمان هەيە خوا (جل حلالە) بەصيرە، ئەمما فيعلەن وەكو بەحثمان كرد لە بۆ حالەتى تەعەبود بەصيرى خواى كە مەعريفەيە لە ذهنمان دەفعمان دەكا لە بۆ ئائەو صيغە تەعەبودەى كە خوا جل جلالە دەيەوێ، وە صيفەى ڕيضوان لەو تەعەبودە ئيجاد دەكا؟ لە جەواب نەخێر، خودا ڕەقيبە كەذاليك هەموو فيعل و ئيسمى ڕەبانى بەو نەوعەى، لۆ؟ چونكى ئەصڵەن تەعامولى مە لەگەر ئەو أسماء و ئەفعالانە تەعامولەك ئەكاديمييە، تەعامولەك مەوضوعييە وفقى خەريطەى ئيرادەى خواى نەهاتييە، خودا جل جلالە كە ويستى رسول الله محمد (صلى الله عليە وسلم)بيناسى بە طەريقەى موعەييەن خۆى پێ تەعريف كرد، بە ئسلوبەكى موعەييەن خۆى پێ تەعريف كرد وە ماددەى (مُعرفٌ بە) نەوعەكى موختار بوو موهەييەء بوو، بە صيفەتى ياخود بە فيعلى عەفوەن يا بە ئيسمى خالقييەت تەعاروف لەگەر پێغەمبەر دەكا لە بۆ ئەوەى لەناو داخيلى پێغەمبەر پاشى قيرائە ياخود جوملەى صەحابەى كيرام (رضوان الله عليهم) پاشى قيرائە و تەعامول كردن بناسن فيعلەن خودا جل جلالە خاليقە، كە ئەوە قاعيدەى ربوبييەتە، هەرچى تەعەلوقات هەيە پەيوەست هەيە لە مەفهومى ربوبييەت لە خالقييەت لكێنرايە ئەو ذاتە سەحبى نەكا لە خواى بيداتە غەير، لە غەير سەحب كا كە لە خواى سەحب كرايە ديسان بيداتەوە پاڵ خوداى (جل جلالە )، ئەو وەختى خەريطەى رەبانى لە سەر داخيلى خۆى تەطبيق كرديية لە بۆ وەرگرتنى أسماء و أفعالى خواى جل جلالە وفقى ئيرادەى خواى، نەخۆ بەو طەريقەيە نەبى لە بەينى ئەخذ و بەدەل مەددو جەزبەكى زۆر دروست دەبى لەأسماء و أفعالى خواى، وەكو لە ليقائى پێشترێ لە خزمەتان بەحثمان كرد، كابرا ئەوها ئيحساس دەكا ئەگەر خوا جل جلالە بە رەحمەتى خۆى بكا نابى بە عەدالەتى خۆى بكا لە مێشكى كأنە تەضاروب هەيە بەينى عەدالەتى خواى لەگەر رەحمانيەتى خواى، ئائەوەندە لەگەر فيعلى الرحيم تەعامول دەكا ئەوەندە لەگەر عەدالەتى خوداى جل جلالە تەعامول ناكا، نەوعە ئيزديواجييەتەك

نەوعی لە داخیلی دروست دەبی کە ئەصڵەن فیطرەی ئەوها مەخلوق نییە، کو بیلا تەشبیهـ کراسەك جلكەك لەبەر کابرایەکی بکەی عیلمەن برێین یەخەکەی زۆر ملی گەردەنی زۆر ئەستورترە لە یەقەکەی بە زۆر لۆی دوگمەکەی موحتەمەلە بگاتە ئەو حەدەی بیخنکێنی، نەفسی ئسلوب ئسلوبی ئەکادیمیی مەوضوعیی ئسلوبی کتاب کوتوب ئا ئەو طەریقەیە تەقدیم دەکا لە بۆ شەباب، لۆیێش:

* کابرای گەنج نەیتانیە ئیستیعابی حالەتەکەی بکا ئەوەلەن، پاشانیش کە خۆی مومارەسە بکا بتانی تەحویلی بکا لە بۆ خارج.

لەو دوو بوعدە نەجاحی نەهینایە بەو نسبەتەی کە خوا جل جلالە دەیەوێ، لۆیێش ئەدائی بەو نوعەی نییە کەلێی مەطلوبە.

زۆر جار گوتیتمان ئەو چوار رەکەعاتەی عەسرێ کە ئەمە ئەمڕۆ کردمان پێش قیچەکی ئەبوبەکریش هەر ئەو چوار رەکەعاتەی کردییە، ئەما بەینی نوێژی مە لەگە نوێژی وی فاتیحەکە نەفسی فاتیحەیە رکوع نەفسی رکوعە، صەمیمیەت لە صیغەی دروست کردنی عیلاقەیە لەگە ذاتی رب العالمین، ئەوە ئەبوبەکر وفقی خەریطەی خوای بەو حەیەویەتەی کە دەهاتە سەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)نەقلی دەکرد لە بۆ خاریج، کە ئەبوبەکر یەکەمین شەخص بوو ئیستعابی دەکرد وەریدەگرت ئەبوبەکر تەعامولی لەگە دەکرد وفقی ئەو خەریطەیەی، ئەمما ئەمە دەچینە سەر کیتابەکەی دەکەینەوە حەتا قورئانیش دەکەینەوە نازانین بە چ طەریقەك تەعامول لەگەر رب العالمین بکەین، عیلمەن رب العالمین لە بۆ ئا ئەو قەضیە موهیممە ئەساسییە رەئیسیە قەواعیدی هەیە، وفقی ئەو قەواعید و خەریطەیە دەبی تەعامول لەگە ذاتی رب العالمین بکرێ، أسماء و أفعالی وفقی ئەو قەواعیدانە ئیستیعاب بکرێ.

* نوقطەی دووەم:

ئەو حەجمەی هەرفیعلەك یاخود هەر ئیسمەك درایتیێ رب العالمین دایتیێ هەر حەجمەك هەر تیکرارەك لە قورئان لە بۆ ناوەك یان فیعلەك أفعالی خوای جل جلالە یان أسمائی خوای جل جلالە خودا چەند حەجمی دابیتێ چەند تیکراری کردبی داخیلی ئینسانەکەش هەر ئەوەندە ئیستعدادی هەیە لە بۆ ئیمتصاص و تەقەبول، لەوەی زیاتر کە پڕبوو ئیستعابی ناکا هەضمی ناکا، لۆیێ مەثەلەن کەلیمەی رەب ئەوەندە سەدجارە لە قورئان هاتییە، ئەمما کەلیمەی (أکرم) یەك جار هاتییە، (الخالق) (الباری) (المصور) یەك جار هاتییە، لەو ئەرضیەتە کە ئەو ذاتە وفقی خەریطەکەی لە داخیلی خۆی قیرائەی کرد و ئەو حالەتە لە داخیلی خۆی دروستی کرد، وفقی ئەو کەممە عیلاقە لەگەر ذاتی رب العالمین دروست دەکا، کەلیمەی (أکرم) ئەو ئینسانە ئەو ذاتە یەك جار ئیحتیاجی پێی هەیە ئیحتیاجی بە تیکراری ئەو حالەتە نیە، ئەما کەلیمەی رەب دووسەد و قسور جار ئیحتیاجی پێی هەیە، کەلیمەی الله چارسەت و قسورجار ئیحتیاجی پێی هەیە، (الرزاق) سی و قسور جار ئیحتیاجی پێی هەیە، عیلمەن دەبی بە نەفسی کەممیەت بە نەفسی حەجم و میقدار کە خودا جل جلالە بەحسی خۆی کردییە لە قورئان وە رسول الله (صلی الله علیه وسلم)بەحثی رب العالمینی کردییە لە حیکمە دەبی بەو کەممیەی ئەمە بێین ئیستعابی ئیمتصاصی ئەو حالەتە بکەین، ئەدنا زیاد کردن و کەم کردن

خەلەل دروست دەكات لە داخیل، لۆیێ ناتـانین ئەمـە لـە واقیع ئائـەو حالەتـە تـەطبیق بکـەین و تـەطویری پـێ بکەین تەخەلوقی پێ بکەین، خەلەلمان لەوەیدا هەیە.

ئائـەو دوو نوقطـەیـە نوقطـەی رەئیسینە پاشـی ئـەو حـەفت قاعیدەیـەی کـە لـە خزمـەتتان بـەحث کـرا دەرسـی پێشترێ، کـە ئەوانـە قەواعیدی صیغەی تەفەهومانـە لـە مـاددە لـە مەوضـوع کـە أسماء الله وأفعالـە، ئـەوەش طەریقەی تەعامولە لەگەر ئەو أسماء و ئەفعالانە.

ئیـدەن پێغەمبـەر (صـلی الله علیـه وسـلم)کـە دەیفـەرموو ألا (إِنَّ لِلَّهِ تِسْـعَةً وَتِسْـعِینَ اسْـماً) ئـەوە حەدیثـەك مەوضـوعییە یـەعنی موجـەڕڕەدە لـە صیغەی تـەطبیق، موجـەڕڕەدە لـە صیغەی تـەطبیق، صیغەی تـەطبیق قاعیدەی خـۆی هەیـە دەبـی لـە قورئـان خەریطـە وەربگیـرێ لـەبۆ صـیغەی تـەطبیقی ئـەو حەدیثـە، قورئـان قاعیدەی پێیە ئەویش لە سورەتی عەلەق دەست پێ دەکا بە صیفەتی (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ * خَلَقَ الْإِنسَـانَ مِنْ عَلَـقٍ))(العلـق ١، ٢)، ئائـەوە قاعیدە و زەمینەکـەیـە کـە عیلاقـە دروسـت دەکـرێ پێـی لەگـەر ذاتـی رب العالمین، ئەوجا ئەو ڕۆیە مەوضوعییە حەتتا لە نیهایەتی حەدیث دەفەرمووی: (مَنْ احصاها) نافەرموی (من عدّها) کەلیمـەی عـەدد و ئیحصـاء فـەرقی هەیـە، ئـەها دائیـرەی ئیحصـاء وەختـی خۆی تەعدادەکیان دەکـرد دەچونـە نـاو مـاڵی عالـەمێ، هەتا لـە چێڵ و لـە مریشکیشیان دەپێچاوە کـابرای دەشتـەکی چەنـدی فلان هەیـە، یـەعنی جذوری عائیلەکـەیان دەردەهینـا، (و لله مثـل الاعلـی)، کەلیمـەی ئیحصـاء عـومقی قەضـییەیە، ئیجـاد کردنی حالەتەکەیە لە داخیل نەك ژماردنە، (الله، الرحمن، الرحیم، الملك، القدوس، السلام، المؤمن، المهیمن، العزیز، الجبار...) ئەوە نییە ئەوە تەعدادەکەیە لەفظییە، ئیحصاء (مَنْ إحصـاها) دەبـی لـە ذاتـی داخیلـی خۆی حالەتەکە دروسـت بکـا، ئـەوجا تـەعامولی لەگـەر بکـا، ئەوجـە پاشـان تـەحویلی بکـا لـە بۆ خـاریج وفقـی ئائـەو تەحویلە لەگە رب العالمین عیلاقە دروست بکا.

ئائـەو سێ مەراحیلـە ئیحصـائەکەیە، ئیستیعابی کـرد، لـە داخیلـی خۆی تـەعامولی لەگـەر کـرد بـووە حالـەك بـەدیهی وەکـو نـاوی وەکـو کـو خـواردن دەخـوا، کـە قـەلبی داخیلـی تەشـەبوعی کـرد بـەو حالەتـە ئـەو وەختـی ئۆتۆماتیکیەن تـەعامول لەگـەر إسم یـا فیعلـی خـوای دەکـا جل جلالـە بـەبێ ئـەوەی ئیحساس بـە ئیزدواجییـەت بکـات، کـە گوناهەکـەی دەکـا خـوا نـەکا پێشـی ئـەوەی نیـەتی گوناهەکـەی بـێ ئیحسـاس دەکـا بـە إسم و فیعلـی خوای، خودا جل جلالە سەمیعە، خودا جل جلالـە بـەصیرە، خـودا جل جلالـە رەقیبـە، لۆیێ ئەگـەر تەماشـای تەرتیبی نزولی قورئان بکەن وە سورەتی عەلەق بالذات بەحثی حالەتەك دەکا یەك جێ یـەك جـار ذکـر کرایـە (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى) (العلق ١٤) کەلیمەی (يَرَى) غـەیری کەلیمـەی بەصـیرییە، کەلیمـەی (يَـرَى) (أَلَـمْ يَعْلَـمْ بِـأَنَّ اللَّهَ يَـرَى) (العلـق ١٤) زۆر شـەفافترە زۆر متەلاصیقترە نزیکتـرە قـەریب تـرە لـە داخیلـی ئینسـان لەگـە کەلیمـەی بەصـیرێ، لـە ئـەثنای قیرائـەی ئـەو حالەتـە کـە رب العـالمین دەبینـی نـەك رب العـالمین بـەصیرە، جودایە حالەتەکە، کە دێ تەعامول لەگەر ئائەو فیعلە دەکا وە قیرائەی ئەو حالەتەی دەکا حالەتـەك لـە داخیلـی ئیحساسەك لە داخیلی دروست دەبی فیعلەن لە هەر کێندەرێ بی خوا هەر دەیبینی، جارێ نارێ خوا بـەصیرە

یەعنی لە ئەرز کە تەعامول لەگەر ئیسم و فیعلەکەی دەکا هەر لە سەر عارد مایە نەچویتە ئاسمانێ عیلاقە خودا وەصف بکا خودا بەصیرە یان نا؟

ئەوەش مەقصودی ئەدیانە، ئینسان لە ذاتی خۆی هەر لە سەر کورەی ئەرز عیلاقەی نەوعی دروست بکا لەگەر ذاتی رب العالمین نەك وەکو عیلمی کەلام یاخود کیتابی عەقائید کە بەحثی أسماء و أفعالەکان دەکا، ئەمە بچین خۆمان بەحث لە خوای بکەین کو حەکیمە خوا؟ حەکیمەکەی لە فلان وەرگیرایە، یەعنی دەلیلی ئەوەیە، ئیذەن خوا ئەوهایە حەکیمیەکەی نایێ لە سەر ذاتی خۆی تەطبیق بکات کابرا وە مومارەسەی لەسەر بکا، پاشان حەکیمییەت لەویش کەشف ببی چونکی خالیقەکەی حەکیمە، بە حەکیمی دروستی کردییە حەکیمیشی لێدەوێ، طەریقەك عیلاقەك جەذری لەگەڵ مەخلوقات حەکیمی تەطبیق کردنە، (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى) (العلق ١٤) ئائەو بوعدە دروست دەکا، ناچیتە سەر ذاتی (إسم و فعل)ەکە، نەء ئینتاجی ئەو ئیسم و فیعلە چییە لە سەر ئەو ئینسانە ئائەو سەحب دەکا و کەشف دەکا و لەسەری تەطبیق دەکا، ئەو لێی مەطلوبە تەعامولی لەگەر بکا، نەك بچی تەرتیبی کەلیماتی ئائەو ئیسم و فیعلانە ئائەوە رەحیم لەگەر رەحمانی چەندی مەرجە چەندی فاصیل هەیە رەحمانی کەینێیە رەحیمی کەینێیە، ئەوە عیلاقەی بە ذاتی رب العالمین هەیە ئەوەی لە من مەطلوبە چەند ئیستیعابی کەلیمەی ڕەحیمی دەکەم وە تەعامول لەگەر ئائەو فیعلەی دەکەم ئەوە نوقطەی سێیەمە، وفقی ئەو سێ قاعیدەیە:

* ئەوەلەن تەرتیب وفقی خەریطەی داخیلی ئینسان، باری تەعالا خەریطەی دانایە وفقی ئەو خەریطەیە ئەو ئینسانە تەعامول لەگەر ئیسم و فیعل دەکا، ئەویش خەریطەکە بە پێغەمبەر کو پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دەستی پێ کردییە بەو نەوعەی هەتا نیهایەت نوقتەی یەکەم.

* نوقتەی دووەم رب العالمین لە بۆ هەر ئیسم و فیعلەك چەند حەجمی دابی و چەندی گوتبی دەبی ئەوندە ئیهتمام بدرێتە ئەو مەوزوعە، زیاد کردن و کەم کردنی لە سەر حیسابی ئیسم و فیعلی تکەی خوایە (جل جلالە ).

* سێیەمینیش ئائەو حالەتە کە دروست دەکا ئینسانەکە لە ذاتی خۆی دروستی دەکا نەك بچی باحث بی لە صیفات و ئەفعالی رب العالمین.

کە وەختی خۆی أهل السنة و الجماعە ئیشکالات و فیتەنیان لەبۆ دروست بوو لەو مەوضوعە دروست بوو، هەر لە خەواریجەوە بگرە هەتا أباضییە و کیرامیە و إسماعیلیە و زەیدیە و إمامیە و...الخ، ئەوانە هەموویان لەو مەوضوعانە ئیشکالاتیان هەبووە، لایەزالیش فیکرەی ئیسلامی مەدرەسەی ئیسلامی مەلیئە بەو تورەهاتانە کە هەتا ئێستا نەتانرایە فیعلەن مەوضوعییەن یاخود قورئانییەن عیلاجی ئائەو قەضیانە بکرێ، وە لایەزالیش بەینی مەذاهیبی فیکری ئیسلامی ئائەو ئیشکالاتانە مەوجودە.

فە کە ئەوەمان پێ باش بوو لۆیێ:

* تەرتیبی نزولی قورئان مەنهەجمانە لە بۆ ئیستیعابی صیغەی صەحیح لە أسماء و أفعالی خوای ئەوە یەك.

* پاشان بەو طەریقە صەحیحەی لە داخیلی خۆمان ئیستیعاب و ئیمتیصاصی کەین هەضمی بکەین قیرائەی بکەین.
* پاشانیش ئایا بەو کەممە و بەو حقیقەتەی دەتانین نەقلی بکەین لە بۆ واقیع یان نا؟ ئەو وەختی فیعلەن ئیمان دروست دەبی، ئیمانەکەش تەحویل دەکرێ لە بۆ خارج بە (عَمِلُوا) عەمیلوەکەش بە بێ رەکاکەت بەبێ تەفەنون دەبتە صالحات (آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ).

لە دەرسەکانی چۆنیەتی إحیا کردنی ئیمان یا دروست کردنی ئیمان بەحثی ئەوەمان کردییە کە قیرائە ئەو هەموو مەعانیانەی هەیە وابزانم ئیحتیاج پێ ناکا موراجەعە و ئیعادەی بکەینەوە.
دێینە سەر مەنطوقی دووەم بە تەرتیب، خەریطەی عیلاقە دروست کردن یان صیغەی عیلاقە دروست کردن لەگەر ذاتی رب العالمین، کەلیمەی (رب) ذکر کرایە لە قورئان طەبعەن ئەو هەموو خەریطەش مەقصودم تەرتیبی نزولی قورئانە کە قەدیمەن تیکرارمان کردییە زۆر، کەلیمەی رەب بذاتە خۆی مانای خاصی خۆی هەیە وە لە عەینی وەقتیش کە رەبط دەکرێ لەو وەسەطەی کە تێیدا مەوجودە کەلیمەکە مەعنای خاصی خۆی دەدا.
لە خزمەتتان پێشی چار پێنج دەرس بەحثی هەندەسییەتی کەلیماتی قورئانمان کرد، رب العالمین لە قورئان هەندەسەکی موعەیەنی هەیە، وفقی ئیرادەی خۆی کەلیماتی دانایە و صەب کردییە مەثەلەن:
کە گۆتمان تازە کە میثال (آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ) هەموو قورئان لە بەقەڕەوە هەتا ناس بەو تەرتیبەیە (صَّالِحَاتِ) بە پێش (آمَنُوا) نەکەتیە هیچ، (عَمِلُوا) بە پێش (آمَنُوا) نەکەتیە هیچ، ئیذەن ئەوە هەندەسەکی نەوعیە لە بۆ سەبکی کەلیماتی قورئانی مەثەلەن:
(آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ) (التوبة ٢٠) ئەوە سەبق نەکرایە مەثەلەن پێشی (آمَنُواْ) (هَاجَرُواْ) بێ، پێشی (هَاجَرُواْ) (جَاهَدُواْ) بێ، هەموو قورئان بەو نەوعەیە ئەوە تەنسیق و تەرتیبی هەندەسەی کەلیماتی قورئانیە، هەر کەلیمەکیش کە (آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ) مەفهومی (هَاجَرُواْ) لە سیاقی ئەو ئایەتەی تەفەهوم دەکرێ مەعنایەکیدکەی نادرێتێ لەوەی دەربیینی، لۆێ أسماء و أفعالی خوای لە ضمنی سیاقی ئەو ئایەتانە تەفەهوم دەکرێ وئیستیعاب دەکرێ (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق ١).
ئیذەن صیفەتی ڕبوبیەت قوەتی لە خالیقیەتی خوای سەحب دەکا، لێرە خوا (رب) دەناسین عن طریق مەخلوقاتی، ئیذەن عیلاقە بەینی کەلیمەی رەب و بەینی مە دروست دەبی بە صیفەی خالیقیەتی خوای ئەوە مەرحەلەی یەکەمە، ئیذەن دەبی ئەصڵەن هەرچی مەخلوقاتە لەو وەسەطەی کە ئەمە تێیدا دەژین لە ناو مێشکمان فیعلەن طەمغەی مەخلوقیەتی لێ بدرێ کە مەخلوقە، هەموو چاومان وەکو جیهاز لەگەڵ گێمان لە ناو داخیلی دروست ببی کە هیچ لە وجود خالیق نییە ئیلا الله، ئەوە فعلی یەکەم کە خالیقە.
پاشان کە دێ دیراسەی ئەو هەموو مە خلوقاتانە دەکا ئەو هەموو مەخلوقاتانە وفقی مەنهەجییەتی موعەییەن موڕەکەز خەلق کراینە، وە بەمەراحیلیش داچوینە ئیذەن موسبەقەن پێشی خەلقی خودا دەبی خۆی هەندەسەی

لەکن بووبی لەبۆ ئەو مەخلوقاتانە، مەثەلەن گوتمان ئەوە جیهازە پێشی ئەوەی دروست بکرێ حەتمەن دەبی لە مێشکی کابرای موهەندیس ڕسمی ئەوەی هەبی ئەوجە ڕسمەکە لە مێشکی تەحویل دەکاتە سەر وەرەقە (ولله مثل الاعلی)، رب العالمین دەبی تەصویری شکلی بیدائی ونهایەتی ئائەو مەواضیعانە هەمووی لەکنی مەوجود بوبی، ئیذەن صیفەتی رەب فیعلی رەب عەفوەن یاخود إسمی رەب حەقەکیتکە سەحب دەکا لە خالیقیەت کە خودا جل جلالە موصەویرە، هەتا جیهازەکە تەصویر نەکرێ وەکو وەی لەلای خوای ئائەو جیهازە تەحویل ناکرێ لە بۆ واقیع کەمەخلوق، ئیذەن فیعلەك لە أفعالەکانی رب العالمین جل جلالە موصەویرە، باشە ئەگەر هاتوو عیلمی نەبوو کو تەصویر دەکا لەوی فیعلەن ئەو تەصویرە تەحویل کا لە بۆ خەلق، ئیذەن ئەصڵەن دەبی عیلمی هەبی ئەها هەمووی مەربوطە بە یەك حەلەقە بە حەلەقە، ئیذەن کە دێ دیراسەی مەخلوقییەتی ئائەو ماددەیە دەکا خالیق بەو هەموو فیعل و إسمانە لە ناو داخیلی دروست دەبی کە ئیحساس.

کە عیلم خودا جل جلالە عیلمی هەیە، طەبعەن عیلمی هەبی دەبی ئەو مادده ئەولییە چییە؟ وە کو تەحویلی دەکا بە تەصویر؟ وە کو ئیجادی دەکا بە خەلق؟ وە کو پاشان لەو تەصویریە فیعلی دکەی ئیش پێ دەکا؟ رب العالمین وە کو ئیبداعیتی بەدیعییە؟ مەثەلەن ئەو هەموو بولبولە سەد هەزار نەوعە بولبول نەوعی هەیە بەس شیکلی تەلوینی جوانە دەنگی ناخۆشە، نەوعی هەیە شکلی جوان نییە ئەمما دەنگی زۆر خۆشە سێزدە سیمفۆنی دەخینی لەبۆت، ئەو هەموو ئیبداعە کێ دەیکا لە ئەثنای تەصویر و خەلق؟ ئیذەن رب العالمین دەبی بەدیعیش بی، کە دێ ئەو مادده مەقطوعە ئەو مەخلوقە قەطع دەکا بە شەو قیرائە دەکا ئەو جوملە مەعانیە لە داخیلی دروست دەبی کە رب العالمین جل جلالە بە مەفهومی رەب خالیقە، عەینی وەقت بە مفهومی رەب موصەویرە، تەصویر و خەلقی دەبی پێشتر عیلمی هەبی ئیذەن عەلیمیشە، کە عیلمی بوو لە ئەثنای تەحویل لە بۆ واقیع بەدیعیشە ئیبداع دەکا، کە دێ لە داخیلی خۆی ئائەو حالەتانە قیرائە دەکا وە بە تیکراری بە ئیعادەی ئیعادەی دەی موحتەمەلە هەزار جار ئەوەی ئیعادە بکا ئەو وەختی فیعلەن حالەی مەعریفی ذیهنی مێشکی تەحویل دەبی لە بۆ حالەکی ئیمانی، ئەو وەختی فیعلەن ئیحساس دەکا کە چاوی لە بیریشی نییە ئەما چونکی زۆر مومارەسەی کردییە لە سەری کە چاوی جیهازەکەی ئیش پێ دەکا دەکەوتە سەر چ شتەك دەزانی فیعلەن ئەو شتە مەخلوقە، لۆیێ هەرچی مەوجودە بە مەخلوق دەبینی، کە بە مەخلوق دەبینی ئەو هەموو مەخلوقانە حەجمی میقداری خۆیانی دەداتێ.

مەثەلەن کە طوغات دەبینی طاغوتیش هەر مەخلوقە عەبدە، تەمەشای داخیلی طاغوتەکەی دەکا پیسایی هەیە بەو چاوەی تەمەشای طاغوتەکەی دەکا، نەك طاغوتەك جەبەروتە فلانە و مەجموعە سەیارە و مەجموعە حەشەم و خەدەم ئەوە نییە لە پێش چاوی دەزانی مەخلوقە، ئەو مەخلوقییەتی وەی لە خالیق سەحبی ئەو حالەتەی لێ کردییە میقداری خۆی تەعامول لەگەر کابرای طاغوت دەکا فەقەط بە حەجمی خۆی زیاتری ناداتێ کەمتریشی ناداتێ، ئیذەن ئائەو فیعلە یاخود ئەو ئیسمە وەدەکا تەعامولی صەحیح لەگەر کابرای طاغوت بکا، کەذالیك کابرای مۆمن کە تەمەشا دەکا ئەوە مۆمنە، کابرای مۆمن تەمەشای صەدری دەکا ئەوە

ئیمانی تێدایە ئەوە فیعلەن ئەو مەشارەیە خودا جل جلالە بە بەرەکەت و رەحمەت ئیختیارو ئیصطیفائی کردییە، کە دێ تەعامول دەکا بەینی خۆی داخیلی خۆی لەگەر داخیلی ئەو ذاتەی جاذبییەت هەیە، دووانیان موحیبی یەك مەصدەرن کە خالیقە، لۆیێ ئەو کابرا موئمینی خۆش دەوێ ئەگەر پاکستانی بی ئەگەر فلیپینی بی ئەگەر سوری بی عیلاقەشیان، لۆیێ تەمەشای لەناو قەلبی ئەهلی ئیمان ئیمتیدادی زەمەنی نییە (رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ)(الحشر ١٠) لە عەینی وەقت لاحق، سەبەبەکە چییە؟ سەبەبەکە ئەوەیە فیعلەن داخیلی ئەو ذاتەی ئەو حالە نەوعیەی لەناو دروست بووە ئەو وەقت لەگەر بەرد کە تەعامول دەکا خالیق کو ئەمری کردییە لەگەر ئەو بەردە تەعامول بکا ئەبەو نەوعە لەگەل ئەو بەردە تەعامول دەکا، ئەو حەقەی دەداتێ حەیوان مەخلوقە خودا کوی ئەمر کردییە ئا بەو نەوعەی بەو نەوعەش تەمەشای دەکا، ئیذەن ئەو حالە طەبیعیە لە تەعامول ئوفوقی کە دروست دەبی بەینی ئەو ذاتە لەگەر ئەو هەموو مەخوقاتانە قوەتی خۆی لە عیلاقەی عەمودی سەحب دەکا کە عیلاقەی ڕبوبییەتی خوایە جل جلالە بە مەفهومی خەلق، ئەو حالەتە موستەمڕ مومارەسە دەکرێ بە شەو.

ذاتی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم)یەك ساڵی کامیل مومارەسەی ئەو حالەی کردییە بە دەلیلی سوڕەتی المزمل کە طولی ئایەتی یەکەم تەقسیم دەکا لە بۆ چوار مەرحەلە (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً * نِصْفَهُ أَوِ انقُصْ مِنْهُ قَلِيلاً * أَوْ زِدْ عَلَيْهِ)پاشان (وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلاً)(المزّمّل ٢، ٣، ٤) لە بۆ ئیجاد کردنی ئەو حالە نەوعیە لە ناو داخیلی پێغەمبەر، لە بەر ئەوەی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم)مەصدەڕی ئەوەلە لە بۆ عەطائی ئائەو شەحەناتە ئیمانیانە، ئەبوبەکر و عومەر و خەدیجە و ئەوانە حەلەقاتی یەکەمن ئیستیعابی ئەو حالەتانە بکەن، فیعلەن ئائەوانیش بەو نەوعە و بەو حەیەویەتەی تانیتیان ئیستفادەتی قصوا لە ذاتی ئیمانی پێغەمبەر بکەن صلی الله علیە و سلم.

* جوزئەك لە مفهومی کەلیمەی رەب (إصلاح شيئ و القيام به) ئەوە مەعنایەکە لە جوملەك مەعانی یەعنی شتەکە ئیصلاح بکا ئیجاد بکا وە لەسەریشی قائیم بی.

* مەفهومی دووەم (وجود الشيئ و الإقامة عليه) کە شتەکەشی دروست کرد لەگەری بی و ئیهمالی نەکا بەجێی نەهێڵی.

* سێیەمینیش ئائەو شتە بەتەنێ هیچ شتەك لەوجود بەتەنێ کە دەوری خۆی ناتانی ئەداء بکا، بێ ئائەو شتەش ئیضافە بکا لەسەر ئەشیایێکە لۆوەی فیعلەن دەوری خۆی بتانی ئا ئەو شتە ئەداء بکا لە ضمنی ئەو جملە ئەشیایانە.

مەثەلەن رب العالمین دەستی دروست کردییە، ئەمما کە دەستی دروست کردییە دەستی بەو نەوعەی دروست نە کردییە ئیشی پێ نەکرێ ئەو دەستە، ئەگەر بهاتبا ئینسان دەستی نەبا وەکو حەیوانەکانیتکە بوو ئەو هەموو تەطەوڕ و تەقەدومە نەدەکرا تەحویل بکرێ لە بۆ عەمەل واقیع فیعل، کە دەستی دروست کرد لە عەینی وەقت قوەتیشی دایە دەست وەکو بەردی لێ نەیێ بتانی دەست حەرەکە بکا نەشاطی هەبی، ئیذەن ئەو

حەرەکە و ئەو نەشاطە بوعدەکی دیکەیە لە مفهومی ڕبوبیەت بە نیسبەت ئەو دەستە، لە عەینی وەقت قودرەتیشی دایتێ ئەو دەستە ئەو هەموو شتانە بکا ئەو هەموو (کُلَ) شتانە بکا کە ئێستا مەوجودە لە پێش چاوتان، کە دەست ئەو هەموو شتانە دەکا لە عەینی وەقت دەست ئیحتیاجیشی هەبی بە شتێتکە، ئیحتیاجی هەبی بە شتێتکە، دەست ئیحتیاجی بە شتی تکە هەبی شتی تکەش ئیحتیاجی بە دەست هەبی، کێهان لە وانە لە یەکتری سەحب بکرێ ڕابوەستی ئیشەکەی کێهان لەو ئەشیایانە لە بەر دەست سەحبی بکەی ئیشیان ڕابوەستی، مەثەلەن مادده بەتەنێ نەشاطی نیە و مردیە دەستیش بەتەنێ نەشاطی پێ ناکرێ دەبی ماددەکە هەبی ماددەکەش لەو مستەوایەی بی کە فیعلەن دەستەکە پێی بکرێ تەعامولی لەگەر بکا، لەو مستەوایەی بی ئەگەر هاتوو یەك لەوانە سەحب بکرێ ئیشەکەی ڕاوەستی، لۆ ئیشەکەی ڕادەوەستی؟

خودا ئەصڵەن ئەوهای خەلق کردییە دەبی دائیمە ئائەو ئەشیایانە هەمووی موحتاجی خوای بی (جل جلالە)، دائیمەن ئەو هەموو مخلوقاتانە هەموویان لە هەموو لەحظەك موحتاجی خوای بن هەر وەقتەك ئیحتیاج نەما طوغیان دروست دەبی، ئائەوەیە طوغات دروست دەبن ئائەوەیە لە حەد لادان دروست دەبی، ذاتەکە ئیحساس دەکا ئیحتیاجی نەما کە ئیحتیاجی نەما طوغیان دروست دەبی (إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى (العلق ٦) کەینێ؟ (أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى (العلق ٧) ئەمما حەلەکە چییە؟ (إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى (العلق ٨) دائیمەن بگەڕێتەوە پەنای ئەو (رب العالمین)ە کە فیعلەن دائیمە ئیحتیاجی بەوییە، مەثەلەن حەرەکەك لەو حەرەکانە، حەرەکەك لەو حەرەکانە نەکرێ ئەو دەستە کێ ئەو حەرەکەیە ئەو قوەتەی دایتێ؟ خودا جل جلالە، بەواسطەی ئەو حەرەکەی ئائەو ئەثەرەی هەیە لە سەر ماددی موقابیل پاشان ئیستمرارێەتی ئەو حالەتەی ئیستمرارێەتی ئەو قوەتە ئیستمرارێەتی ئائەو نەشاطە کە دایتیە ئەو هەموو مەخلوقاتانە.

یەك عەمەلیاتی کیمیاوی لەو فەرەضنا لە داخیلی ئینسان رب العالمین سەحبی قودرەتی یەدی خۆی لێ بکا عەمەلیاتەکە موحتەمەلە لە جیاتی ئیجابیەن تەحویل بی سلبیەن تەحویل ببتە سەم، بە عەشەرات و میئات و ئولوفیش ئەمثیلەی ئەوها هەیە، عەمەلیاتی فیزیایی لە وجود لە کەون یەك لەو عەمەلیاتانە خوا سەحبی یەدی خۆی لێ بکا وجودەکە هەمووی مەثەلەن موغناطیسیەت نالێم نەمینێ نەء تەحدید بکرێ تەحجیم بکرێ یاخود زیاتر بکرێ، جوزئەکە لە عیلاقەی بەینی وجود لەگەر یەکتری کە ماددە.

ئەوە ئەو سێیە مەعانی رەب بوو، لە عەینی وەقت کەلیمەی رەب مەفهومی قوەتی خۆی لە تەربیەوە وەردەگری، یەعنی مەفهومی رەب ئەوە بەو نەوعەی زانیمان هاتین مومارەسەمان کرد لە داخیلمان بە قیرائەی شەو لە داخیلمان حالەتەك دروست دەبی پێی دەگوترێ تەربیە کراینە، ئەمە بە مەفهومی کەلیمەی رەب داخیلمان تەربیە دەکرێ، ئائەو داخیلە کە تەربیە کرا فیعلەکەی کە ئەدا دەکرێ لە بۆ خاریج بەناوی عەمەل ئیزدواجیەت و ڕەکاکەتی لێ نابینی، یەعنی مەثەلەن برێین نوێژ ئەو کابرایە ئیحساسی بەوەی کرد فیعلەن ئەو ذاتە نوێژ جوزئەکە لە مەفهومی ڕبوبیەتی خوای، مومارەسەی لە سەر ئەو حالەتەی کرد کە دەیەوێ هەربستی لە بۆ نوێژ کردن گرانی لە سەر شانی نابینێ ئائەو تەمبەڵیە زۆریمان دەمانگری نابی ئەو وەختی، لۆ؟ چونکی فیعلەن داخیلی بینا کرایە تەربیەکرایە لە سەر ئائەو مەعانیانە لۆیێ ئۆتۆماتیکییەن کە

هەڵدەستی ئائەو حالەتە ئەداء دەکا دێ دەگاتە مستەوایەك راحەتی خۆی بەوەی دەبینی، وەکو رسول الله صلى عليه وسلم کە دەیفەرموو (يَا بِلاَلُ أَقِمِ الصَّلاَةَ أَرِحْنَا بِهَا)(رواەأبوداود) ئيرتياحی لە ناو نوێژەکەی لۆی دروست دەبی، ئەوە هەمووی بينا کردنی داخيلی ئينسانەکەيە تەربيە کردنی داخيلی ئينسانەکەيە وفقی ئەو خەريطەيەی کە خوا جل جلالە داينايە.

گوتمان قرائەی مەخلوقات دەکا بە مەفهومی ئەو ربوبييەتە قيرائەی ئەو هەمووە مەخلوقاتانەی کرد.

کەليمەی (خَلق) خاء و لام و قاف لەگە کەليمەی (خُلُق) نەفسی بينائە خاء و لام و قاف، هۆردووکيشيان کە نەفسی بينائيان هەيە قوەتيان لە يەکتری وەردەگرن لۆيێ لە سورەتی يەکەم خەريطەی بەندی يەکەم لە قانونی کە ئينسان دەيەوێ لە أسماء و أفعالی خوای بگا (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ * خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ) (العلق ١، ٢) بەندی دووەم لەسورەتی القلم دەفەرمووی ((وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ)) (القلم ٤) نەفسی کەليمەيە، لەوێ دەفەرمووی (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) (العلق ١)لە بەندی دووەم دەفەرمووی (وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ) (القلم ٤)، پێغەمبەر (صلى الله عليە وسلم)ئائەوەندە ممارەسەی ماهييەتی مەخلوقاتی کردييە خالقيەتی رب العالمينی لە داخيلی ئەوەندە دروست بووە ئەو حالەتە لە داخيلی بويتە خولوق رەوشت عاليم پێی درێن سەجييە، ئيذەن کەليمەی (خَلق) و (خُلُق) (وجهان لعملة واحدة) يەك پارەيە دوو رووی هەيە، ئەمما ئەوەندە ممارەسەی کەليمەی خەلقی کردييە ئەوەندە قيرائەی صيفەتی خەلقی کردييە بە جيهازەکانی لەناو داخيلی بويتە خولوق، لۆيێ دەگاتە مەرحەلەك فيعلەن کە چاوی حەرەکە پێ دەکا يان هەر ئەحاسيسەك هەمووی مەخلوقيەتی موقابيل کەشف دەبی هەمووی (كُلاًّ)، لۆيێش رب العالمين ئەوەندە تەئکيد دەکا (فلينظر الانسان) (أفلا ينظرون) (والشمش) (والليل) (والنهار) (والضحى)، لۆ؟

يەکەکی وەکی عومەر رضي الله عنە عومەری لە سەحرايە لە هەموو کەسەك زياتر بە چاو کراوەيی تەمەشای ئەو رۆژەی کردييە و رۆژی ديتيە تەصەوری رۆژ دەکا، ئەمما کە دێ ئيمان دەينی ياخود دەيەوێ ئيمان بهينی بە رب العالمين لە مەوپاش رۆيەی لە بۆ رۆژ موختەليفە، نەفسی ئەو رۆيە ماديە ناکا تەمەشا ناکا وەکی مە رۆژ (٩٣) مليون ميل لەمە دوورە ئەوەندە(٣٧) کيلوغرامەی لە مادە تەحويل دەکا لە بۆ طاقە، ئەوە رۆيەی کافرانە لە بۆ رۆژ، ئيمامی عومەريش فەقيرەی ئەوها بوو وەکی مە بوو ئەمما کەمتر مەعلوماتيش لەمەوپاش کە ممارەسەی کرد خودا رەبەو وخاليقە بە چاوی خاليقيەت خاليقی خوای تەمەشای ئەئەو رۆژەی دەکا کە ئەوە مەخلوقە، کە فيعلەن ئەو رۆژە رب العالمين کرديتيە سيراجي وەهاج، رب العالمين ئەوها ئەو رۆژەی دەيهينی لەمەشريق دەيباتە مەغريب ديسان حەرەکەی پێ دەکاو دەينی، رب العالمين خۆی موهەيمينە لە سەر نەشاط و جاذبيەت و طول و عورضی ئائەو رۆژەی، لۆيێ بە کەليماتی شەرعی کەدێ بەحثی رۆژ دەکا (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا (الشمس ١) * والقمر اذا تلاها* والنهار..)، پاشان رەبطی دەکا بە کەليماتی شەرعی ((ونفس وماسواها* فألهما فجورها وتقواها))، بەينی خەلق (کلمات الله الکونية المخلوقة) لەگە (کلمات الله الشرعية) کە قورئانەکەيە بکرێ فەصل نييە، ئائەو ئيزديواجيەتيە لە مێشکی حەزرەتی عومەر هەبوو وەختی خۆی، ئەوە ماددەيە ئەوەش خوا عيلاقەی بەو ماددەيەی نييە ئائەوە

که له مێشکی مه دروست کرایه ئێستا ئائەو ترسه لادەچی مادده رەبط دەکرێ (کلمات الله الکونیه له الخلق والامر) مەزج دەبی لەناومێشکی ئینسانەکەی، ئیمامی عمر له مەوپاش ئه بەونەوعه تەمەشای ڕۆژ دەکا بەو نەوعەی تەمەشای مانگ دەکا.

نەجم، یەکەکی وەکی ئەبوبەکر شەش مانگ بەشەو دەڕۆیشت له مەککه له بۆ شام بەس بەشەو دەڕۆیشتن، باریئتیرین فیئه بوون که عیلاقەیان لەگە نجوم هەبی، بە سانتیم جێی ئەستیرەکانیان تەحدید دەکرد چونکی بەواسطەی ئەستێرەکان دەرۆیشتن خەریطەیان نەبوو بەوصەلەو ئیسطرلاب و ئەوانەیان نەبوو، ئەوجا رب العالمین که بەحثی نەجم دەکا دەفەرمووی (وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى)(النجم ۱)، له مێشکی ئەبوبکر بەدیهەیه ئائەو نەجمه له جێی خۆی یەك سانتیم حەرەکه ناکا نەك ئەمتارو کیلۆ مەتر، نایێ ئائەوەی کردته سەبەبی هیدایەت (وَبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ)(النحل ۱٦)، ئەگەر ئەوە جێی بگۆڕی ئائەویش له عاردی جێی دەگۆڕێ خەریطەی لێ تێك دەچی، ئەبوبەکر ئەوەنده مومارەسەی حالەتی نەجمی کردییه که لەوجێیه ثابتەو حەرەکه ناکا بویته حالەکی بەدیهی لەکنی، ئەمما پاشان رب العالمین که دەیەوێ مخاطەبەی بکا دەفەرمووێ (وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى)(النجم ۱)، له مێشکی حەزرەتی ئەبوبەکر موستەحیله نەجم هەوا بکا ئەمما له بۆ وەش ئیحتیمالی له بۆ دادەنێ (وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَ(النجم ۱)، موقابل چییه؟ (مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى)(النجم ۲) ئەوە دێ مادەم ئەوە (لایهوي) ئەگەر ئەوە هەواشی کرد (هوی من فوق الی الارض) (مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى) (النجم ۲) ئەوجا رسول الله محمد صلی الله علیه وسلم، (مَا ضَلّ) (وما غَوَى) ئەبوبەکر دێ مومارەسەی ئەو حالەتەی دەکا، بەرێ تەمەشای نەجمی دەکرد موستەمیر بەشەوان وەکی سەفەری دەکرد له بۆ تیجارەت دەچوو کابرایەکی ملیۆنێر بوو دەورەمەند بوو تاجیر بوو، ئەما له مەوپاش نەخێر بەنەفسی چاو تەمەشای نەجم ناکا دێ دادەنیشی دەرێ (النَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ)(الرحمن ٦) عیلاقەك نەوعی هەیه بەینی ئەو نەجم و ئەو شەجەره عیلاقەك نەوعی هەیه، عیلاقەك تەعەبودی هەیه عیلاقەك سجودی هەیه (النَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ) (الرحمن ٦)، باشه ئەدی ئەمن دەورم دێ دیراسەی ئەو حالەتەی دەکا قیرائەی ئەو حالەتەی دەکا ئەوجا عیلاقەك ئوفقی بەینی خۆی و بەینی نەجم، بەینی خۆی و بەینی شەجەر، بەینی خۆی و بەینی چیا (أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ * وَإِلَى السَّمَاء كَيْفَ رُفِعَتْ) (الغاشية ۱۷، ۱۸) (وَإِلَى الْأَرْضِ....)(الغاشية ۲۰).

(أَفَلَا يَنظُرُونَ) ئیستعمالي چاو بکه (فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ)(عبس ۲٤)، طەعام نەك فەواکیهەکانه پرتەقال و سێو، نەء طەعام یەعنی لەگە شیویتی لەگە دۆلمەیتی، طەعام دۆلمەی بینه پێش چاوی خۆت (فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ * أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاء صَبّاً * ثُمَّ شَقَقْنَا الْأَرْضَ شَقّاً * فَأَنبَتْنَا فِيهَا...الخ) (عبس ۲٤ - ۲۷)، باشه ئەو طەعامه رب العالمین دەفەرمووێ تەمەشا بکه که تەمەشا دەکا برنجی لەناو دەبینی پەلکه خیاری لەناو دەبینی، باشه کێ ئەو برنجەی خەلق کرد؟ دەگەڕێتەوە خۆت خالیق الله، کێ ئەو پەلکەی دروست کرد؟ الله، کێ ئەو ڕەنگەی دا ئەو برنجەی؟ الله، کێ ئەو طەعمەی دایێ؟ الله، کێ ئەو پەلکەی ئەوها دروست کرد؟ الله، کێ ئەو لەون و طەعمەی دایێ؟ الله، کێ ئەو خێیەی دروست کرد؟ الله، ئەوجه

دەگاتە ئەو حالەتەی دەڵێ(وَالَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ * وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ)(الشعراء ٧٩، ٨٠)، ئەو طەعامە (فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ)(عبس ٢٤) دەتگەينتە ئەو مستەوايەی وەكو حەزرەتی ئيبراهيم فەرمووی (هُوَ يُطْعِمُنِي)، كو خودا لوقمەی لەناو دەمی نەنايە ئەمما حەقيقەتەن خوا فاعيلە، ئەگەر خوا ئەو صيفەتەی نەدابايە ئاگر لەو دەرەجە حەرارەی موعەيەنە ئەو برنجە ئەوەندە ئاوە ئيمتصاص كا، ئەوها نەرم بی لە صيغەی پلاستيكی كە بە هيشكی دەخۆی پێت هەضم ناكرێ بگاتە ئەو مستەوايەی فيعلەن هەرچی مادده و طاقاتی هەيە پرۆتينات و فلان و فلتان هەموو بگاتە بەشەرەكە و بەشەرەكە ئيستفادەی لێ بكا و حەياتی ئيستمرار بی، ئائەو تەعامولە نەوعيە لەگەر مادده كە مەخلوق نەك مادده، حەتا كەليمەی مادده كەليمەک كوفريە كوفر لە ناو مێشكمانی دانايە هەرچی ئەمە دەبينين مەخلوقە، ئەوجا ئەويتكە هەموو حەياتی تێدايە حەياتەكانيشی نسبيە ئەوە حەياتی ئەوەندەيە، ئەوە حەياتی ئەوەندەيە، حەتا ئەوەش[ئيشارە بەشتەك دەكا] حەياتی هەيە چونكی عەبدە عيبادەتی خوای دەكا.

بەو ئسلوبە بەو نەوعە عيلاقەك نەوعی لەگەر خالق دروست دەبی، ئەو وەختی فيعلەن ئائەو عەبدە دەبتە مەخلوقی حەق، مەخلوقی ئەو خاليقەی فيعلەن ئەوجا هەرچی مەفاهيمی ڕوبوبيەت هەيە عەن طەريقی خاليق دايتيە غەير سەحب دەكا، لەشيوخ لە چاك لە سەيد لە قبور هەمووی سەحب دەكا، لەسەحەرە لە جن لەشەياطين هەمووی سەحب دەكا بەس خوا خاليقە، بەس خوا رەببە، بەو فيعلە بەو حالەتە مومارەسە لەسەر ئەو حالەتەی دەكا فيعلەن هەرچی ئەرباب هەيە هەمووی سەحب دەكا صيفەتی ئەو ڕوبوبيەتە لە بۆ خاليق، ئەوجە فيعلەن خاليق زەمينە دادەنێ لەناو داخيلی تەوفيق و عەونی دەدا فيعلەن لە بۆ ئەوەی أسماء و أفعالی تكە لە داخيلی دروست ببی.

خودا إن شاءالله بە لوطفی خۆی بە رەشيدی خۆی، إن شاءالله بە رەحمەاتی خۆی إن شاءالله وتعالی دەستمان بگری وەهيدايەتمان بدا و دەفعمان بكا (في مَن يُحبهُ و يرضاه)، ئەگەر خوا تەوفيق بدا إن شاءالله دەرسەكانی ديكەش زياتر مستەمرين لە سەر أسماء و أفعالی خوای.

أقول قولي هذا وأستغفروا الله لي ولكم سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين.

كێ سوئالی هەيە؟ تەوضيحی هەيە تەرشيد نەصيحەت:

پرسيار/ موصحەف ئەمە ناومان نايە قورئان يان(كلمات الله) ئايە مەخلوقە؟

وەڵام/ جودايە ئەوە (كلمات الله)ە، ئەمما بەس حەزرەتی موسا خوای بيستوە (وكلم الله) موسی إستيماعی بووە ئەوە[ئيشارەبەموصحەف دەكا](كلام الله)يە عن طريق حروف مەعانی نەقل بووە تەحويل بووە ئەو مەصحەفە مەصحەفە واضحە؟ ئەو كەلامە كەی حەيەويەتی خۆی وەردەگری؟ بەواسطەی ئيمان.

قوتابی: كەليماتی قورئان مەبەستت چی يە؟

مامۆستا: كەليماتی قورئان كە كەليمات نەك ئەوەی مەسموعەيتی، ئەوەی مەسموعە صەوتە، صەوت مەخلوقە، عبدالباسط كە دەخوێنی مەخلوقە صەوتەكەی ئيذەن ئائەو صەوتە مەخلوقە

قوتابی: مەعانیەکانی؟مامۆستا:ئەو مەعانیانەی نەمانبیستوە، وەیە یان نا؟.

پرسیار/ تەعلیم چی یە لەقورئان وەئایە حاجاتمان بە أسماءالله چۆن دیاری دەکەین لەقورئان؟

وەلام/ ذاتی خەریطە قورئان مەنهەجی موتبەع قورئان، بەلێ، مەثەلەن کە دەلێین ئەکرم یەك جار هاتییە هەر ئەوەندە ئیحتیاجمان پێی هەیە، لۆ؟ کە تەمەشای کەلیمەی ئەکرەم دەکەین خەلق لەگە عیلمی رەبط کردییە، ئیذەن تەعلیمی ئینسانەکەی لێرە کەریم ترین شتە لەکن (رب العالمین)ی، طەبعەن تەعلیمەکە بەداخیلە لێرەنیە[ئیشارە بەموصحەف دەکا]، بەحثمان کردییە لە دەرسی پێشترێ (وَعَلَّمَ آدَمَ) (البقرة ٣١) تەعلیمەکە لە بۆ ئێرەیە[ئیشارە بەداخیل دەکا] وفقی ئا ئەو خەریطەی کە مەوجودە بە مەفاهیمی فیطڕی رب العالمین ئائەوەی تێدا لەو مەخلوقە تەعلیم دایە ما تەبەقا مەخلوقاتەکانی تکە تەعلیم نەکراینە، بەس بەو صیفەتە یا بەو فیعلە رب العالمین تەعامول لەگەر مە دەکا لەگەر مەخلوقەکانی دی ناکا، کە ئەو تەعلیمە ئیحساسی پێ کرد ئینسان وە تەعلیمەکە ماددەی تەعلیم تەحویل بوو لە بۆ واقیع ئیحتیاجمان پێی نامینێ ئەمە چونکی فیعلەن تەکریم کراینە، ئەکرەمەکە لەو بوعدەیە لە ذاتی خۆمان ئائەو حالەتە لە بۆ ذاتی رب العالمین ئیجاد دەکەین لە داخیلمان ئیحتیاجمان بە عیلاقەی تکە نییە، مەثەلەن بیلا تەشبیە کابرا کە زانی ($H_2o$) ($H_2o$)یە ئیحتیاج بەوەی ناکا هەموو جارێ ($H_2o$)ی دیسان لە بۆ تەفسیر بکرێ، دیسان قاعیدەی لە بۆ دابنرێ ئەوە هایدرۆجینە ئەوە ئۆکسجینە ئەوەندە هایدرۆجین ئەوەندە ئۆکسجین ئیحتیاج بەوەی ناکا، واضحە؟ ئەوە مەعریفیە، عیلمەکە لەوەی دەقیق ترو ئەعمەق تریشە.

پرسیار/مانای کەلیمەی رەب چی یە؟

وەلام/ یەکەمین (إصلاح شيء والقيام عليه) تەبعەن مەعانی زۆرە حەز دەکەی ها ئەوەی نەقل کە شتیکەی تێدایە، یەك تەوصیەم لێتان هەیە یاخود طەلەبم هەیە لێتان ئەو برایانەی کە لێرە مەوجودن حەزم لێیە ئەگەر هاتوو مەوضوع نەقل بوو ئائەو دەرسە مەثەلەن: شەرحەکە شتەکە ئیسمەکە، ئەمن خۆم چم گوتبی ئەوەی نەقل کەن، رجاتان لێدەکەم نەك ئەوەی ئەنگۆ تێیدەگەن نەقل بکەن، چونکی ئیشکال دروست بووە لە دوو سێ جێیان، مەثەلەن قسەکم کردییە برایەك ئەلێرە دانیشتیە لە خزمەتی بوینە کە قسەکەی گوێ لێ بووە بەمەفاهیمی خۆی نەقلی کردیە ئەوەش إشکالی لەبۆمن دروست کردیە